وەزارتی دارایی و ئابووری

ژمارە: (٣٠٠٠) لە ٤/٥/ ٢٠١٨

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٨٠٥) لە ٢٠١٨/٢/١٥ و ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە(٢٣)ی ساڵی ٢٠١٧ بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم ڕێنماییە :-

ڕێنمایی دارایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٨

سەرمووچە و ڕێژەی پاشەکەوت

١- فەرمانبەرانی ڕاژەی شارستانی کە سەر مووچەی ساڵی (٢٠١٨) یان پێ دەدرێت ئەگەر ببێتە هۆی گۆڕینی ڕێژەی پاشەکەوتکردنی مووچە و زیادکردنی ئەوا مووچەیان هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە و زیاد ناکرێت واتە ڕێژەی پاشەکەوتی مووچەیان بە هەمان ڕێژەی پێش پێدانی سەر مووچەکە دەبێت .

٢- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی (٢٠١٨/١/١) تاکو (٢٠١٨/١٢/٣١) جێ بەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بلاو دەکرێتەوە .

ڕێباز محمد حملان

وەزیری دارایی و ئابووری

وەزارتی دارایی و ئابووری

ژمارە: (٣٦١٥) لە ٤/١٩/ ٢٠١٨

ئاماژە بەخاڵی (چوارەم) لە ڕێنماییمان ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بەپێدانی مۆلەتی بێ مووچە بەفەرمانبەرانی خاوەن پلەی تایبەت بڕیاردرا بەهەموارکردنی بەم شێوەی خوارەوە :-

ڕێنمایی دارایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٨

مۆلەتی بێ مووچە

١- مەبەست لەفەرمانبەری خاوەن پلەی تایبەت لەم خاڵە (وەزیر)ەکانە ، لەکاتی وەرگرتنی مۆلەتی بێ مووچەی ئاماژەپێکراو ، پێویستە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرن .

٢- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوەکاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بلاو دەکرێتەوە.

ڕێباز محمد حملان

وەزیری دارایی و ئابووری